Helsedirektoratet

# وەرگێڕ لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکاندا کاتێک نەخۆشیت – مافی وەرگرتنی زانیاری بە زمانی خۆت

IS-1976

Tolk for deg som er pasient i helsetjenesten
Språk: Sorani

زانیاری باش و دیالۆگ گرنگە بۆ ئەوەی یارمەتی و چارەسەری دروست وەربگریت. وەک نەخۆش دەبێت بە جۆرێک زانیاری وەربگریت کە گونجاو بێت. گرنگە بتوانیت لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی دەربارەی تەندروستیت، نەخۆشی و چارەسەرکردن قسەبکەیت.

لە یاسای وەرگێرانی زارەکی (٢٠٢٢) دا هاتووە کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەبێت لە کاتی پێویستدا وەرگێری لێهاتوو بەکاربهێن هەتاوەکو چارەسەری دروست وەربگریت.

- دەبێت دەربارەی تەندرستیت و چارەسەرکردنت بە زمانێک کە تێیدەگەیت زانیاریت پێبدرێت
- ڕەنگە تێگەیشتنی ووشە و چەمکی پزیشکی بۆت سەخت بیت بۆیە دەکرێت پێویستت بە وەرگێر هەبێت ئەگەرچی تۆزێکیش نەرویجی دەزانیت
- وەرگێرەکە دەکرێت لەگەڵ تۆ و چارەسەرکاردا لەهەمان ژووردا بێت، یان لە ڕێگەی تەلەفۆن یان ڤیدیۆوە لەگەڵتان بێت

**خزمەتگوزاری تەندروستی دەبێت وەرگێر داوابکات**

- خزمەتگوزاری تەندروستی ئەرکییانە کە لەوە بکۆڵنەوە کە ئایا وەرگێرت پێویستە یان نا دەبێت وەرگێریش داوابکەن
- .بۆ تۆ کە نەخۆشیت خزمەتگوزاری وەرگێران بەخۆڕاییە
- ئەگەر گەورەساڵ بێت ئەوا دەبێت لەلای پزیشکی ددان خۆت تێچووی چارەسەرکردنی ددان و وەرگێرانەکەش بدەیت

**دەبێت تەنها وەرگێری لێهاتوو وەرگێران بکات**

- وەرگێری لێهاتوو بەفەرمی توانای وەرگێرانی هەیە
- منداڵ نابێت وەک وەرگێر بەکاربهێنرێت
- خزم، هاوڕێ و ناسیاو نابێت وەک وەرگێر بەکاربهێنرێت

**چۆن دەتوانیت بەباشترین شێوە لە گفتوگۆیەکی وەرگێردراو کەڵک وەربگریت**

- بە کارمەندانی خزمەتگوزاری تەندروستی بڵێ کە چی زمانێک و چی شێوەزارێکت دەخوازیت
- ئاگاداریان بکەرەوە ئەگەر زیاتر لە زمانێک بەباشی دەزانیت
- ئاگاداریان بکەرەوە ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەتی بۆ نمونە ئەگەر توانای بیستنت خراپە
- بەباشی خۆت بۆ گفتوگۆکە ئامادە بکە. سەرختەی ئەو پرسیارانەی دەتەوێت بیانکەیت، بنووسەرەوە
- دەبێت هەموو پرسیارەکان ئاڕاستەی کارمەندانی خزمەتگوزاری تەندروستی بکەیت نەک وەرگێڕەکە
- ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێنەگەیشتیت، قسەبکە
- ڕستەی کورت بەکاربهێنە و بە ڕۆشنی قسەبکە. بەو جۆرە ئاسانترە بۆ وەرگێڕەکە ئەوەی تۆ دەیڵێیت بەشێوەیەکی دروست بۆت وەربگێڕێت
- وەرگێڕ تەنها قسەکان وەردەگێڕێت کە دەگووترێت. وەرگێڕ ناتوانێت ئەوە دووبارەبکاتەوە کە پێشتر لە گفتوگۆکاندا گووتراوە
- .دتوانیت تێبینی بنووسیت تاوەکو شتەکانت لەبیرنەچێت کە دەگووترێت
- کاتێک وەرگێر بە تەلەفۆن یان ڤیدیۆ بەشداری دەکات و دەنگی یان وێنەی وەرگێڕەکە باش نیە، ئاگاداریان بکەرەوە

## وەرگێڕ چییە و کارەکانی وەرگێڕ چییە؟

- وەرگێڕ دەبێت پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکان باسی ڕۆڵی وەرگێڕەکە بە هەردوو زمانەکە بکات
- وەرگێڕ تەرەفدار نیە و بێلایەنە. واتا تێڕوانین یان ڕای وەرگێر نابێت کاریگەری لەسەر وەرگێڕانەکە هەبێت
- وەرگێڕ ئەرگی پاراستنی نهێنی هەیە و سزای لەسەر ئەگەر ئەرکی پارستنی نهێنیەکە جێبەجێ نەکات. مانای وایە کە وەرگێڕ ناتوانێت ئەو شتانەی لە گفتوگۆکەدا دەگووترێت بە کەسی تری بڵێت. ئەم ئەرکی نهێنی پارێزییە تەنانەت دوای ئەوەی کە وەرگێڕ لە کارەکەشی وازدەهێنیت هەر دەیخوات
- وەرگێڕ نابێت ئامۆژگاریت بکات یان یارمەتیت بدات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار. وەرگێڕ دەبێت تەنها وەرگێڕان بکات، وە دەبێت هیچ کارێکی تر نە بۆ نەخۆش و نە بۆ کارمەندی تەندروستی، نەگرێتە ئەستۆی
- وەرگێڕ دەتوانێت پرسیار بکات یان داوات لێبکات کە قسەکانت سەرلەنوێ دابڕێژیتەوە ئەگەر شتێک تێنەگەیشتبێت

سکاڵات هەیە لەوەی کە لە خزمەتگوزاری تەندروستییدا وەرگێر بەکارنەهێنرا؟ ئایا پرسیارت لەسەر مافەکانت هەیە؟ پەیوەندی بکە بەلایەنانەی خوارەوە:

نوێنەری نەخۆش و بەکاربەر لەو پارێزگایەیی لێیدەژیت
(www.pasientogbrukerombudet.no) تەلەفۆن: ٤٠٥٠١٦٠٠

نوێنەری یەکسانی و هەڵاواردن. ژمارەی تەلەفۆن ٢٣١٥٧٣٠٠ LDO - Startside

ڕێکخراوی دژ بە هەڵاواردنی حکومی (OMOD) kontakt@omod.no و www.omod.no

چاودێری Helsetilsynet fører tilsyn med barnevern, sosial- og helsetjenestene | Helsetilsynet
تەندروستی لەو پاریزگایەیی لێی دەژیت. ژمارەی تەلەفۆنی پرسگە: ٢١٥٢٩٩٠٠
سکاڵات لە لێهاتوویی وەگێر و توانایەکانی هەیە؟

سکاڵا دەکریت ڕووبەڕووی ئەو دەزگایە بکرێتەوە وەک نەخۆش بۆی چوویت، یان بۆ
Tolking i offentlig sektor | IMDi
بەڕیوەبەرایەتی هەمەچەشنەیی و ئاوێتەکردن (IMDI)
کە دەسەڵاتدارێتی نیشتیمانی پێشەییە لە بواری وەرگێڕاندا.
یاسای مافەکانی نەخۆش و ئەرکەکانی کارمەندانی تەندروستی لە پەیوەند بە بەکارهێنانی وەرگێرەوە

یاسا دەربارەی مافەکانی نەخۆش و بەکاربەر.
Lov om pasient- og brukerrettigheter (pasient- og brukerrettighetsloven) - Lovdata

یاسای کارمەندانی تەندروستی
Lov om helsepersonell m.v. (helsepersonelloven) - Lovdata

یاسای وەرگێران
Lov om offentlige organers ansvar for bruk av tolk mv. (tolkeloven) - Lovdata

ئەم نامێلکەیە بە چەندین زمان هەیە کە دەکرێت لێرەوە
www.helsedirektoratet.no و www.helsenorge.no
دایبەزێنیت :